Regay Kurdistan
No: 726
Date: 31/1/2007
Concessioner : Kamal Shakir
Www. Kurdiancp.org
Editor– in– chief: Handren Ahmad
Regay_kurdistan@yahoo.com

دوالا پەرە

مام عەزیزو تورکیا

کاتی خۆی، مام عەزیز کە پیاوێکی بە تەمەن بوو سینیەکی بچووکی دادەنا دوو تۆپ شقارتەو چوار پێنج بنێشتی لەسەر دادەنا گوایە کاسبی دەکا، بەڵام مام عەزیز هەر خەریکی شیعری کلاسیك و قسەی نەستەق بوو، چ ئاگای لە سینی نەبوو.

رۆژێکیان کۆڵکە مەلایەکی کۆنە هاوڕێی مام عەزیز لێی پرسی، ئەرێ مام عەزیز هەموو دەستمایەکەت بایی (٥) دینار (سویسری) ئابێ ئەی قازانجەکەت چەندە؟ ئەمە چ کاسیەکە تۆ دەیکەیت!؟

مام عەزیز پێی گوت کاکەگیان بەخودا من ئیش و کار ناکەم بەڵام ئەو سینییەم داناوە تا بەهانەی خودا ببرم، ئەمە حەرەکەتی من و بزانم بەرەکەتی خوداش چۆنە!

منیش چەند جارە بە جددی بە خەڵکی دەڵێم کاکەگیان تورکیا زۆر خراپە بەرامبەر بە دۆزی کورد، دە ئێوەش وەکو فشارو ناڕەزاییەکی مۆدێرن، شت و مەکی تورکی مەکڕن و ئەو بازاڕەی لێ داخەن، بەڵام کەس گوێ ناگرێ.

ئەوا ئەمجارەیان بە نوکتەو دوور لە جدییات دەڵێمەوە کاکەگیان ئەو ئەرکە نیشتمانییە جێبەجێ کەن، ئەگەر وەکو مام عەزیز زۆر بە ساکاریش بێ قەیناکا، بەڵکو لە ئێوە حەرەکەت و لە دەسەڵاتی خۆماڵیش بەرەکەت..!

شانۆگەری دەرگا

دەرگایەك بەسەر خۆشەویستیدا دەروازەیەك بۆ یاخیبوون لەتاریکی

ڤینۆس فایەق– هۆڵەندا

لە دوادیمەنی شانۆگەری (دەرگا) کە لەدەرهێنانی هونەرمەندی ناسراو(کامەران رەئووف) نووسینی (یوسف سائغ)و (جەمال غەمبار) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەدوا دیمەنیدا ژن و پیاوەکەی پاڵەوانی شانۆگەریەکە خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکەن، کەچی کارکردی وشەی (خۆشەویستی) هەروەك گێژەڵۆکەیەك دەکەوێتەوە لەناو گۆڕەکەداو، بە روونا کی ئەقڵیشێتەوەو، لەسەر مۆسیقای شۆپان هەردووکیان دەست دەکەن بە ساماکردن و داوا لە بینەرانی شانۆگەریەکە دەکەن بێنە سەر شانۆو لەگەڵیاندا سەما بکەن، هەروەك خۆشەویستی رێگای بۆ روناککردبنەوە.

جلوبەرگی ئەکتەرەکان ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێژوویی جیاواز، ئەوەش وەك هێمایەك بۆ ئەوەی زوڵم و جەوروو چەوسانەوە لە هەموو دەمێکدا هەیە، هەروەها مۆسیقاکانیش جۆراوجۆرن، سیمفۆنیای (شەهرەزاد)ی (ریمسکی کارزاکۆڤ)و چەند پارچەیەك لە مۆسیقای (ڤاڵس)ی (شۆپان)و چەند مۆسیقایەکی تری نوێ.

شانۆگەری (دەرگا) لە بەرهەمهێنانی تیپی شانۆگەری (ئارك) بە هاریکاری وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم شانۆگەرییە سەرەتای مانگی(ئایار)ی داهاتوو لەگەڵ کاستێکی هۆڵەندی لە هۆڵەندا نمایش دەکرێت



هاوژین جەمال : ئامانجی من خزمەتکردنی بینەران و گەنجانە

بێژەری حەزێکە هەموو مرۆڤێك ئەو توانا بوێریەی نییە تێداڕ سەرکەوتووبێت، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان کە لەکۆمەڵگای ئێمە تووشی سەدان تانەو توانج دەبێتەوە، جگە لەو فشارە بێ بنەمایەی کە دەرووبەرو بنەماڵە هەیانە لەسەر ئافرەت لەناو هەموو گێرمەو کێشانەدا. هاوژین جەمال روبەڕووی ئەو هەموو گرفتانە بووەتەوە، دەڵێت من هەم، ئێستا لە tv زەحمەتکێشان وەکو بێژەرێك کار دەکاو هەواڵەکان و بەرنامەیەکی گەنجانەو رۆشنبیری هەیە بەناوی (ئاوێزان).

ئا/ سامان هیدایەت

-ئامانجت چییە لەوەی بێژەریت هەڵبژاردە؟

+ئامانجی من خزمەتکردنی بینەران و گەنجانە.

-بۆ tv جوانی پێویستە یان رۆشنبیری؟

+لەهەموو سەردەمێکدا بەتایبەتی لەم سەردەمەدا رۆشنبیری زۆر گرنگە، چونکە خەڵك چاوەڕوانی ئێمەن تاوەکو ئاگاداری هەموو شتێکی ئەم ژیانە بن، بەڵام شێوەش پێویستە، من ناڵێم جوان بێت، چونکە بێژەر دەتوانێت بەکارەکانی بە بینەران بڵێت من جوانم.

-ماددە یان ناوبانگی تۆی هێنایە سەر شاشە؟

+نە بۆ ماددە نە بۆ ناوبانگ تەنها بۆ حەزێکی بەردەوامی و خۆشەویستی کارەکەم رووم لە (tv)کرد.

-ئارەزووی ستران بێژیت نییە؟

+زۆر حەز ئەکەم گۆرانی بڵێم، بەڵام هێشتا لەسەرەتای کاری هونەریم حەزناکەم هەنگاوی گەورە بنێم.

-گوێ لەدەنگی چ هونەرمەندێك دەگری؟

+بەتایبەتی گوێ لەدەنگی هونەرمەندێك ناگرم گوێ لەهەموو گۆرانییەك دەگرم کە ئاوازو هۆنراوەی یادگارییەکم بەیاد بهێنێتەوە، بەڵام کۆمەڵێك هونەرمەند هەیە کە حەز بەدەنگیان دەکەم وەك (لەیلا فەریقی، زەکەریا، عەدنان کەریم، رۆژ کەریم)و کۆمەڵێك هونەرمەندی تر.

-ئەگەر بێژەر نەبوویتایە چیت لەئەندێشە دابوو؟

+تەنها دوو ئارەزووی زۆر گرنگم هەیەو ئارەزووەکانیشم هاتوونەتە دی بەهاوکاری باوکم ئەویش بێژەریو مۆسیقا ژەنین ئێستا جگە لە کاری بێژەری ئامێری فلوت دەژەنم هەرچەندە لەسەرتام، بەڵام بەهیوای ئەوەی بتوانم تا لوتکە بڕۆم.

-بەئاستی چ بێژەرێك سەرسامی؟

+بەئاستی بێژەرێك سەرسامم کە ئازاد بێت لە جووڵەو هەڵسوکەوت.

-هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین.

قەڵەوی کێشە بۆ منداڵ دروست دەکات

لەلێکۆڵینەوەیەکی تازەدا دەرکەوت سێیەکی ئەم منداڵانەی نەشتەرگەریان بۆ دەکرێت کێشیان لەخۆیان زیاترە دووچاری گرفت دەبن لەئاکامی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ نموونە منداڵێکی قەڵەو زیاتر دووچاری تەنگە نەفەسی دەبێت لەژێر نەشتەرگەری لەمنداڵێکی دیکە بۆیە لێکۆڵینەوەکە دووپاتی کردەوە دەبێ دایکان و باوکان منداڵەکانیان بپارێزن لەقەڵەوی و هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی راگەیاند منداڵە قەڵەوەکان لەدوای نەشتەرگەریش دووچاری مەترسی دەبن.

بڵاوکراوەی نوێ

راپەڕینی کوردان

راپەڕینی کوردان ناونیشانی ئەم کتێبە مام ناوەندیە کە پرۆفیسۆر م. ا. حەسرەتیان نووسویەتیو نووسەر و رۆژنامەنووس م. جەلال دەباغ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، شایەنی باسە ئەم کتێبە باس لەراپەڕینە پیرۆزەکەی شێخ سەعیدی پیران دەکات، وەکو وەرگێڕ لە پێشەکیەکەی ئاماژەی پێداوە ئێمە لەکوردستانی عێراق ناوی شێخ سەعیدیو هەواڵی راپەڕینە پیرۆزەکەی دەبینین، بەڵام ئەم ناوبیستنو هەواڵ زانینە زۆر کەم بووە بۆیە وەرگێڕ بریاریداوە ئەم کتێبە وەر گێڕێتە سەر زمانی شیرینی کوردی.

پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لەکوردستانی عێراقدا

پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لەکوردستانی عێراقدا ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوە (جیۆگرافی - سیاسی - مێژوویی)ە لەسەر پروسیسەکانی بەعەرەبکردنو راگواستنی دانیشتوانە کە لەلایەن لێکۆڵینەوەر فەرمان عەبدولرەحمان ئامادە کراوە.

ئێمە خۆمان نین

ئێمە خۆمانین نامیلکە شیعرێکە لەلایەن شاعیری لاو هێرش عەبدولوەهاب نووسراوە و بە هاوکاری سەنتەری رۆشنبیری بەهەرە بەچاپی گەیاندوە.

شەڤەکا بێ نڤێژ

شەڤەکا بێ نڤێژ ناونیشانی کتێبا هوزانێن لایق جەمال کۆریتمەیی هاتە نڤیسن بەهاوکاریا ژ وشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد - دهۆك هاتە چاپکرن.

دەولەتەك ژ عەشقێ

دەولەتەك ژ عەشقێ ناونیشانا کتێبا هوزانێن شەعبان سلێمانە (پەیام) هاتە نڤیسین

لوتکەی تاوان لەپاکستان

لەپاکستان لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی منداڵێکی تەمەن سێ ساڵان لەپیاوێکی تەمەن ٤٥ ساڵ مارە دەکرێت و پیاوەکەش کە ناوی مەحبوبە وتی: دوای ئەوەی کێشەکە دەگاتە دەزگاکانی راگەیاندن منداڵەکە تەڵاق دەدەم، بەڵام دوایی ئەوەی کێشەکە گەیشتۆتە راگەیاندنەکان تاکو ئێستا منداڵەکەی تەڵاق نەداوە، شایانی باسە وڵاتی پاکستان بەهۆی دواکەوتوویی ساڵانە سەدان رووداوی سەیر لەم وڵاتە رووەدات.

لەشەوی بووکێنیدا مێردەکەی بەگرتن دەدات

سەرەتا بەخۆشی دەستی پێ کرد لەنێو سەماو گۆرانی ئاهەنگی بوك و زاواو لە بەلجیکا بەڵام زۆر خواردنەوەی زاوا ئاهەنگەکەی سەراو ژێر کرد کاتێك زاوا بەسەرخۆشی کەوتە گیانی ئامادەبووان و بووکەخان، لەئەنجامدا پۆلیس لەشوێنی رووداوەکە ئامادەبوو کاکی زاوای بەند کرد، بەڵام لەوە سەیرتر بووکەخان داوایەکی لەسەر زاوا تۆمارکرد بەتۆمەتی زامداربوونی جەستەی، بۆیە کاکی زاوا لەجیاتی ئەوەی لەباوەشی بووکەخان بخەوێت لەسوچی بەندیخانە شەوی بەسەر برد.